

# من و بەختیار و باوەژن

**مادی ئەرجومەندی**
**(نەغەدە)**

خەفەت مەخۆ، هیچ خەمت نەبێ، خۆ من نەمردووم، ئەو دەسرۆکە، هەر ئەو دەسرۆکە لەبەر دەرگای بەهەشت ڕادەخەم و داوای یارمەتیی لە بەهەشتییە دەوڵەمەندەکان دەکەم، دڵنیابە یارمەتی باشت بۆ کۆ دەکەمەوە و لە دۆزەخ دەرتدێنم، بە جیڕە جیڕی کورسییەکە دەمزانی دانیشتووە، ئەو منی دەدیت، بەڵام من هەر دەنگیم دەبیست، هەموو شەوێ ماڵنووستنان بە ئەسپایی و لەبەرخۆیەوە: سیروان، سیروان، سیروان... بانگی دەکردمە حەوشە. ئەوە بۆ وەڵام نادەیەوە؟ کوا ماڵتە، کوا؟ خوا ماڵت ئاوا کا! کوا بانگت کردووم؟ جیڕە جیڕی کورسی دەستی پێ دەکردەوە و منیش لە پاڵ کورسییەکە دەسرۆکەکەم ڕادەخست و لەسەری دادەنیشتم، خۆ تۆ کەست نییە دڵت پێی خۆش بێ، خۆ باسی ئەو دەسرۆکە و باسی بەهەشت و دۆزەخیشم بۆ کردی، دڵنیابە ناهێڵم یەک کاتژمێر زیاتر لە دۆزەخ بی و دەرتدێنم، بە من دەڵێن سیروان، ئەی ئەگەر، دەرتنەهێنام؟ دەرت دێنم، ئەی ئەگەر دەرتنەهێنام؟ دەرتدێنم، دەڵێم ئەگەر ئەگەر، ئەگەر دەرتنەهێنام، ئەگەر دەرمنەهێنای ها با دەسرۆکەکەم بۆ تۆ بێ، من دەچمە دۆزەخ تۆ دەرمبێنە! من کەس ناناسم بێ کەسوکارم، باش، باش، خۆت ئاڵۆز مەکە کەسوکارت بۆ نییە؟ ئەی من کەسوکاری کێم؟ مەگەر نەتگوت: "تۆ کەست نییە دڵت پێی خۆش بێ"، با، با، با، وام گوت، ئەوە سەد جارم پێ گوتی مەبەستم دڵدارە، دڵدار. تۆ دڵدارت نییە، کەواتە دەبێ تۆ پێش من بمری! سیروان، سیروان، بەڵێ، بەڵێ دایە، ڕۆڵە لیوانێکم ئاو بۆ بێنە! ئەوە لیوانێک ئاو بۆ دایکم دەبەم و تۆش برۆ تا سبەی شەو، چاوەڕوانتم، بێیتەوە! بێ خواحافیزی، کورسی تا سبەی شەو مرتەقی لێ بڕا.

سیروان، سیروان، سیروان... ئەوە بۆ وەڵام نادەیەوە؟ کوا ماڵتە، کوا؟ خوا ماڵت ئاواکا! کوا بانگت کردووم؟ جیڕە جیڕی کورسی دەستی پێ کردەوە، منیش لە پاڵ کورسییەکە دەسرۆکەکەم ڕاخست و لەسەری دانیشتم، دوێشەو لە خەونمدا دەسرۆکەکەی تۆم لە سەرم بەستبوو، تۆش هاتبوویە بەر دەرگای بەهەشت و منت بانگ دەکرد. ئەها، ئەها، زار خۆش، زار خۆش، ئەوەم دەویست، بۆ نازانی خەون بەپێچەوانەی ڕاستییە؟ کە واتە دێم و لە دۆزەخ دەرتدێنم، دڵنیابە دەرتدێنم، دڵنیابە!. باشە قبووڵمە، ئەگەرچی باوەڕم بە تۆ نییە، بەڵام باوەڕم بە خەونەکەم کرد، ئێستا فەرموو من دەبێ چ کارێکت بۆ بکەم؟ سیروان ڕۆڵە لیوانێکم ئاو بۆ بێنە! ئەوە هاتم دایە. ئەوە سێ مانگ و یازدە شەوە دایکم شەوانە ئەو دەمەی

داوای ئاوم لێ دەکا، بڵێی گوێ لە قسەکانمان بگرێ؟ نا دایکت ژنێکی فەقیرە، زۆر توندوتۆڵ و بە دەستوبرد و بەئاگا نییە، هەنارە سێیەم ژنی باوکت بوو، دوو ژنی بەسەر دایکت هێنا، بەڵام باوکت نانی هاریەتی بە دەمیەوە گرتبوو، لە ئاور و ئافەتیش نەدەگەڕاوە، پیاوێکی شەڕودڕ بوو، نازانم دایکت چۆن دەگەڵی گوزەراند! نازانم هەتا مرد چۆن وێکیان هەڵکرد! پیاوێکی چوارشانەی باڵابەرز بوو، هەموو بەیانییان سەر و سمێڵی ڕەش دەکردەوە، دەڵێن ئێستا دەرگاوانی دۆزەخە، خوا کردی و مندالم لێی نەبوو، بڵێی بمناسێتەوە؟ کورسیلەکە جیڕە جیڕی لێ برا، یەک بەخۆم هاوارم کرد: نا ناتناسێتەوە، دەڵێن دۆزەخییەکان، کوێرن، هیچ نابینن و هیچ نابیسن، نابیسن، نابیسن، دەنگم ئاوازەی دەداوە. سیروان، سیروان، ڕۆڵە ئەوە چییە؟ مرتەقم لەخۆم بڕی، بە ئەسپایی چوومە ناو جێگاکەم، دایکیشم خەوی لێ کەوتەوە.

سیروان، سیروان، سیروان... ئەوە بۆ وەڵام نادەیەوە؟ کوا ماڵتە، کوا؟ خوا ماڵت ئاواکا! کوا بانگت کردووم؟ ئەوشۆ تۆ لەسەر کورسی دانیشە! بۆ؟ وام پێ باشە. لەسەر کورسییەکە دانیشتم، هێستا قوونی نەگەیشتبۆ حەرزی و هێستا لەسەر دەسرۆکەکە دانەنیشتبوو، کاغەزێکی بە دەستەوە بوو، ئەوە باوکت بۆ هەنارەی نووسیوە، نەگەیشتە دەستی. باوکم؟ بۆ باوەژنمی نووسیوە؟ ئا، ها بیخوێنەوە و من ڕۆیشتم، سبەی شەو بانگت نەکەم خۆت لە حەوشە بی و لەسەر کورسییەکە دانیشە تا منیش دێم!

لەسەر سەرەوە نووسرابوو:

"بەختیار بۆ هەنارە:

ئەگەر من نەبام دەیانکوشتی".

ئێ

سیروان، سیروان، سیروان... ئەوە بۆ وەڵام نادەیەوە؟ کوا ماڵتە، کوا؟ خوا ماڵت ئاواکا! کوا بانگت کردووم؟ با ئەوە سێ مانگ و سێزدە شەوە بانگت دەکەم گوێت لێ نابێ. مەگەر دوێشەو نەمگوت: سبەی شەو بانگت نەکەم خۆت لە حەوشە بی و لەسەر کورسییەکە دانیشە هەتا منیش دێم؟ گوێم لێ نەبووە، باشە، قەینا گوێت لێ نەبوو، نامەکەت خوێندەوە؟ ئەرێ خوێندمەوە، بەڵام هیچ سەرەدەرم لێی دەرنەکرد، سیروان گیان ئێمەش سەرەدەرمان لێی دەرنەکرد، کە باوکت هاتەوە ماڵ، هەنارە بە دەم گۆرانی وتنەوە بوو، **"ئەی ڕەفیقانی تەریقەت دەردی هیجرم چارەکەن، یان بە جارێ بمکوژن جەرگم بە خەنجەر پارەکەن"**، هەڵی کێشا خەنجەر و بە دڵی خۆی دەگەڵ هەنارە کرد، لەو ڕۆژەوە بەختیار لە ماڵ ڕای کرد و کەس نەیدیتەوە، هەتا تەرمەکەمان لە حەوشەی ماڵ هەڵگرتەوە. تەرم؟ تەرمی کێ؟ تەرمی بەختیار، ئەی بۆ لەسەر کێلەکەی نووسراوە بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە گیانی لەدەست داوە؟ ئیتر وایان نووسی، بەردیان لەسەر کێشەکە دانا و بە کوشتنی بەختیار ئاو بە ئاوردا کرا. دەبێ کەسوکار و براکانی هەنارە بەختیاریان کوشتبێ!

سیروان، سیروان، سیروان... ئەوە بۆ وەڵام نادەیەوە؟ کوا ماڵتە، کوا؟ خوا ماڵت ئاواکا! کوا بانگت کردووم؟ جیڕە جیڕی کورسی دەستی پێ کردەوە، منیش لە پاڵ کورسییەکە دەسرۆکەکەم ڕاخست و لەسەری دانیشتم، دوێشەو لە خەونمدا نامەیەکی ترت بۆ هێنابووم تێیدا نووسرابوو کێ بەختیاری کوشت، خوێندمەوە، بەڵام ئێستا لەبیرم نەماوە، تەنیا ئەوندەم لەبیرە، لە سەرەوەی نامەکە نووسرابوو:

"گۆڕهەڵکەنی من لە هیچوپووچ دڵخۆشن"

هەر کاتێ من و بەختیار دەگەیشتینە یەکتر، ڕووی تێ دەکردم و دەیگوت: گۆڕهەڵکەنی من لە هیچوپووچ دڵخۆشن، کوشتنی بەختیار پیاوی دەوێ، کاری هەموو کەس نییە، بە تۆ دەڵێن سیروان" نا نا خۆ هەنارە کەسوکاری نەبوو، کوشتنی بەختیار پیاوی دەویست، کاری هەموو کەس نەبوو، بە تۆ دەڵێن سیروان، ئەوەی وت و دیسان کورسییەکەی بێدەنگ بوو. دەبێ باوەژن هەستی کردبێ من بەختیارم کوشتووە! دەبێ نامەکە لای باوەژن بێ، موو بە مووی کوشتنی بەختیاری تێدایە، بەو پەنجانەی خۆم نووسیومە.

سیروان، سیروان، سیروان... ئەوە بۆ وەڵام نادەیەوە؟ کوا ماڵتە، کوا؟ خوا ماڵت ئاواکا! کوا بانگت کردووم؟ جیڕە جیڕی کورسی دەستی پێ کردەوە، منیش لە پاڵ کورسییەکە دەسرۆکەکەم ڕاخست و لەسەری دانیشتم، دەسرۆکەکەتم بدەیە، من ئەبێ تۆ لە دۆزەخ دەربێنم، بە تۆ دەڵێن سیروان.

سیروان، سیروان، سیروان... ئەوە بۆ وەڵام نادەیەوە؟ کوا ماڵتە، کوا؟ خوا ماڵت ئاواکا! کوا بانگت کردووم؟ لەسەر کورسی دانیشە! دەسرۆکەکەشت بدە بە من لەسەری دانیشم، لەسەر دەسرۆکەکە دانیشت، کوتم: ئێستا بڵێی کێ بەختیاری کوشتبێ؟ ئەو پرسیارە دەبێ لە تۆ بکەن، بە تۆ دەڵێن سیروان، ئەرێ بە من دەڵێن سیروان، بەڵام ئەوە یانی چی؟ ئەوە سێ جارت بە من وت بە تۆ دەڵێن سیروان، دەبێ قسەی خۆت بناسییەوە، بە تۆ دەڵێن سیروان، یانی بە تۆ دەڵێن سیروان، نازانی یانی چی؟ سەرێکم بۆ ڕاوەشاند و هەر خۆم لە گێلی دا. ئەمشەو هەشتەمین شەوی گۆڕەوشارتە و لەمەودوا تەنیای، سیروان ڕۆڵە لیوانێکم ئاو بۆ بێنە، هەستام بڕۆم، دەسرۆکەکەش دەگەڵ من با بردی، ئیتر نە کەس بانگی کردمەوە و نە جارێکی تر گوێم لە جیڕە جیڕی کورسییەکە بووەوە.

دایکم: ڕۆڵە ئەوە سێ مانگ و چەند شەوە خەونت پێوە دەبینم بۆ نایەیتەوە؟